کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-7-2007 0:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شەرم داتانگرێ بەرز کەرەوانی ئالای ئەنفال... خالید هەرکی




دلنیام لەوەی ئەوانەی من لەم نوسینەم دا مەبەستمن ئەم چەند دێرە نابینن. چونکە ئەوانە نەئاستی وشیاریان لەم ئاستەدایە سەرێک بە ڕۆژنامە و مالپەرەکاندا بگرن تا لە خەمی داهاتو و حالی حازری میلەتەکەیان بگەن نە شارە زاشیان لە مێژوی خوێناویی میلەتەکەیان هەیە بۆ ئەوەی بزانن بە چ روباری خوێن میلەتەکەیان بەم ئاستە گەیشتوە تەنها پاراستنی دەسکەوت بۆ ئەمان ماوەتەوە بەلام چونکە ئەمانە نەلەدور نەلە نزیک پەیوەندیی بەوانەوە نیە.
چونکە ئەمان نەوەی بەناز پەروەردەی دوای راپەرینن نەوەی ستەم نەدیدەن دەتوانم بەدلنیایەوە بلێم کەسێک رۆژیک دلۆپێک ئارەقی بۆ میلەتەکەی رشتبی قبولی ئەوەی نیە بۆ دەربرینی خۆشیی دەسکرد ی خەلک ئالای ئەنفال و کیمیاباران لە شەقامەکان بەرزکاتەوە، .
ئەم چەند دێرەم بۆ هێچ مەبەستێک نیە، نەبۆ وشیار کردنەوەی ئەم توێژە دەبەنگەیە و نەبۆ فشار خستنەسەر کەس و لایەنێکە تەنها بۆ دەربرینی هەلوێست ونارەزایی ودلگرانی خۆمە، بە دیتنم ئەودیمەنە ی کاتێک ئەم هەمو گەنج وهەرزەکارە بێ ئەوەی لەدەربرینی هەلوێستەکەیان بگەن وا بە پەرۆش و جۆشەوە خۆیان وئالاکەی سێ کوچکەی بەعسەوە دەرژانە سەر شەقامە جوانەکانی شارەکانمان شەقامەکانیشیان لێ پێس دەکردین تەنها بۆ ئەوەی دلی برا راسیستەکانمان خۆش کەن و قسەی کەنال وراگەیاندنەکان راست دەرچی کاتێک دەیانوت سەرکەوتنی عێراق سەرکەوتنی ئومەی عربیە و....
ئەم هەلچونەشیان داخێکی ترە دەخرێتە سەرداخەکانی تری دیاردە ناشیرینەکانی شار بە ناونانی کۆگاو ساردەمەنی و دوکانەکان بە ناوی عەرەبی و کاس کردنی گوێی پیادەرۆیان بە گۆرانیەکانی تورکی وعەرەبی.
ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی خەتەرناکە زەنگێکە بۆ دەسەلات بەرلەوەی بۆ میلەت بێ پێش لێگرتنی ئەرکێکی نەتەوایەتی وکاری پاراستنی ئاسایشی نەتەوایەتیە. بەهەند وەرگرتنی ئەرکێکی پیرۆز ولە شوێن خۆیەتی بەکاتێکی درەنگ وەختانەوە.

07-07-29 ... هۆلەند ...

www. serben. com
khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.